

لەگەڵ نووسین و خوێندنەوە سەری هەڵداو بەرەی سەند ، زۆر زو ، هەندێ لە نەتەوەکانی سەر رووی زەمین کاری رۆژنامە نووسی یان ناسیوە بێ گومان ئەم ناسینە بە شیوەیێکی زۆر سەرەتایی و ساکار بووەو بەتایبەتی لای میسری و چینی یەکۆنەکانو هەروەکو دوکتور کەمال مەزهەر دەڵێ :

« رۆژنامەو رۆژنامە نووسی مێژوویەکی دوورو درێژی پڕ لە رووداوو ناڵو گۆڕیان هەیە . لە شارستانیەتی کۆندا چەند نموونەیەکی سەیر هەیە کە هەریەکەیان بەجۆرو شێوازێك لە رۆژنامە دەکەن ، یان بەلای کەمەوە بە خزمایەتی پێی دەگەنەوە .

چەند هەزار ساڵێك لە مەوبەر فەرمانڕەوا کۆنەکانی میسر کاروباری وڵاتو شەڕەکانی سوپاو گەلێك شتی تری لەو بابەتەیان بە شێوەیێکی رازاوە لەسەر بەرد هەڵدەکەندو دوایی لەگەڵ خۆیان دەیان ـ بردە ناو گۆڕەوە ، یان بۆ ئەوەی دوای خۆیانیان بەجێ دەهێشت »(١) .

دیارە مرۆڤایەتی زۆر زوو لە دەوری گرنگی رۆژنامەو رۆژنامە نووسی گەیشتوە ... بەڵکو سەرهەڵدانیو گەشەکردنی رۆژنامە نووسی ، شارستانیەتی پێشخستووە .. بۆیەکا هەر لە سەرەتاوە شوێنی دیاری کراوی بۆ خۆی پەیدا کردووە .. تاوای لێ هاتووە چەند سەرکردەو پیاوە مەزنەکانی جیهان بە چاوێکی رێزو ترسەوە تەماشای رۆژنامە نووسی بکەن ، لەم بوارەدا نموونە گەلێك زۆرە ، قسەی بەناوبانگەکا وەك : « ناپلیون ، تولستوی ، ڤولتیر ، دیازی سەرکۆماری مەکسیکو دەیانی دیکە »(٢) .

بەڵگەیەکی پتەوی بۆ چوونەکەمانە .

ئیتر هەرچەند کۆمەڵی مرۆڤایەتی پێش کەوتووە، رۆژنامەو رۆژنامە نووسی رێچکەکەی بەرینترو دەورەکەی گەورەتر بووە ... بەڵکو خودی رۆژنامە نووسی لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا لەگەڵ ئەو هەموو دەزگا جۆر بە جۆرەی راگەیاندن وەك : « رادیو ، سینەما ، تەلەفزیونو مانگی دەستکرد » دەوری رۆژنامە نووسی فرە گرنگ بووە . بگرە لەم رۆژگارە دا وولاتانی گشت دنیا بایەخێکی ئێجگار زۆری پێ دەدەنو پارەو سەرمایەیێکی بێ ئەندازەی بۆ تەرخان دەکرێ لەلایەن فەرمانڕەواکانی جیهانو ئەو کارتیلو کۆمپانیایانەی کە بە سەدان رۆژنامەو گۆڤارو دەزگای دیکەی راگەیاندن بەڕێوە دەبەن هەروەها مێژووی جووڵانەوەی شۆرشگێرانەی خۆیی و جیهانی بە توندی ئەم دەورەی رۆژنامە نووسی دەسەلمێنن .

ـــ هەر لەم روانگەوەش لە مێژەکەوە رۆشنبیرانی کورد بەپێی بارو ئاستی رۆشنبیریو سیاسی سەردەمی خۆیان ، هەستیان بە مەزنی دەوری رۆژنامە نووسی



ساغ کردنەوەو لێکۆڵینەوەی

ممتاز حیدری

کردووە ، لێرەدا دووبارەی دەکەینەوە ، کە چۆن نەوەی بەدرخانی‌یە کورد پەروەرەکان لە پێناوی دەرکردنی رۆژنامەی کوردوستان چەند ژانیان چێشتوەو ئەم وڵاتو ئەوی دیکەیان کردووە(٣) .

ـــ جا هەرچەندە ئەم پێشەکی‌یە زۆر خەستو بە پەلە بوو . بەلام لەگەڵ ئەوەشدا وابزانم تیشکێکی رووناك بوو . دەربارەی رۆژنامە نووسی‌ی لە ژیانی کۆمەڵدا .. ئێستا کەش بەچەند دێرێك باسی سەرهەڵدانی رۆژنامە نووسی‌ی کوردی دەکەم. ئەوەی ئاشکرایە ، یەکەمین رۆژنامە لە مێژووی نەتەوەی کورد دا دەرچووە ، رۆژنامەی کوردوستان بوو . کە لە ٢٢ـ٤ـ١٨٩٨ لە شاری قاهیرە لە لایەن میقداد مەدحەت بەگەوە دەرکراوەو سێ ویەك ژمارەی لێ دەرچووە(٤) .

ـــ دەرچوونی رۆژنامەی کوردوستان . پەیوەندێکی بە هێزی بەچەند هۆیێکی گرنگەوە هەیە ، کە هەندێکیان دەگەرێنەوە بۆ باری رۆشنبیری‌و سیاسی کۆمەڵی کوردەواری‌و هەندێکی دیکەشیان بە بارو ئاستی رۆشنبیری‌و سیاسی جووڵانەوەی ئازدیخوازانەی گەلانی دراوسێ‌ی کوردەوە هەیە ..

ـــ دەرچوونی رۆژنامەی کوردوستان نیشانەی سەرەتای قۆناخێکی نوێ بوو لە خەباتی رزگاری خوازانەی نەتەوەیی‌و نیشتمانی‌ی کۆمەڵانی خەڵکی کوردوستان هەروەك دوکتور عیزەددین مستەفا رەسوڵ دەڵێ : « بە دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان روشەی تێکۆشەر لە رێگای رۆژنامە نووسی‌یەوە هاتە کۆڕی خەبات »(٥) .

ـــ لە یەکەم ژمارەی رۆژنامەی کوردوستانەوە تا ئەم رۆژگارەمان . رەوتی رۆژنامە نووسی کوردی بەشێکی پڕ شکۆی مێژووی خەباتی دوورو درێژی نەتەوەی کوردە لە سەرانسەری کوردستان . هەروەها رەنگ دانەوەی هەڵوێستو باری سیاسی ئەو میللەتانەی کە لەگەڵ کورد دا ژیاوون ...

لە هەمان کاتدا ئەنجامی زوڵمو زۆرداری دەوڵەتی دواکەوتوی عوسمانی‌و ئیمپراتۆریەتی فارس‌و بەرپابوونی یەکەم شەڕی جیهانی‌و ئەنجامی دووەم شەڕی جیهانی یە .

ـــ بە کورتی : « مەسەلەی رۆژنامە نووسی کوردی بەشێکە لە ژیانی رۆشنبیری کوردو خەباتی درێژ خایەنی نەتەوەکەمان کە سەرهەڵدانی‌و چۆنێتی دورستبوونی جووڵانەوە ئازادیخوازانەکەی زۆر ئاڵۆزەو دووانو لێکۆڵینەوە دەربارەی بێ‌گومان زۆر ئاسان نی‌یە جا دەربارەی دورست بوونی مێژووی رۆژنامە نووسی کوردو گشت قۆناغو گیروگرفتە سیاسی‌و نەتەوەیی‌یەکانی لە تەك دەورو پلەی رۆشنبیریتی‌و هونەری دا نەك تەنیا لەچەند دێرێك‌و لاپەرەیێك بە سووچێکی مافی خۆی ناگات . بەڵکو بۆ باس کردنی‌و لێکۆڵینەوەی پێویستی بە چەندین نتیب‌و نامیلکەی سەربەخۆی هەیە »(٦) .

ـــ جار پاش ئەم پێشەکی‌یە دەست بە باسە سەرەکی‌یەکە دەکەم .

هەروەکو گوتمان : رۆشنبیرانی کورد ئازارو ژانێکی زۆریان چەشتووە تا بناغەی رۆژنامە نووسی کوردیان دامەزراندوە ژمارەیێکی زۆر لە دڵسۆزو نیشتمان پەروەرانی کورد لە تاریکی شەوە زەنگی نەتەوە دا وەك چراێکی رۆشن شەقامی ژیانو خەباتیان رووناك کردۆتەوە . لە وانە کە بە نەمری لە مێژووی رۆشنبیری‌و نەتەوەی کە لەگەڵمان تۆمار کراون‌و هەرگیزاو هەرگیز قەرزیان پڕ ناکرێتەوە وەك :

« میقداد مدحت بەدرخان . عەبدورەحمان بەدرخانی برای . پیرەمێردو مستەفا پاشا . علی کەمال . م . نوری . خواجە ئەفەندی زادە . ئەحمەد سەبری . سالح زەکی ساحێب قران . مستەفا شەوقی . حوزنی موکریانی . جەلادەت بەدرخان . کامەران عالی بەدرخان گۆران،گیوی موکریانی‌و بەدەیانی دیکە » .

ـــ بەردی بناغەی جووڵانەوەی ئازادیخوازانەو

دیموکرات پەروەری پێشکەوتنخوازانەی ئەمڕۆی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ، نەك تەنیا کۆشش و خەباتی ڕێکخراوێکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و نیشتمان پەروەری کورد بووە ، کە لە ساڵانی بیستەکانی ئەم سەدەیە دا ، دەوری کاریگەری خۆیان گێڕاوە بەڵکو بە دەیان نیشتمان پەروەر و ئازادیخوازانی کورد لە سەرەتای سەدەی بیستەوە لە ڕێگای هەوڵ و کۆششی شەخسیانەوە خزمەتی نەتەوەکەیان کردووە و کردەوەکانیان بووەتە هەوێنی سەرچاوەی پێشکەوتنی کۆمەڵی کوردەواری لە ڕووی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسیشەوە .

— شۆڕە سوارێکی ئەم مەیدانە پیرۆزەی ڕۆژنامە نووسی ، مستەفا شەوقی بووە ... وەك سەربازێکی نەناسراو لە دژی دواکەوتن و زوڵم و زۆرداری نەتەوەی جەنگاوە ، بە پێی ئەو بەرهەمە بچکۆلانە گەورەیەی بەجێی هێشتووە ، کە گۆڤاری « پەیژە » یە دەردەکەوێ ڕۆشنبیرێکی نەتەوە پەروەر بووە ، لە ناخی دڵیەوە شەیدای وشەو زمانی کوردی بووە ، بەڵکو تێکۆشەرێکی ڕێگای کامەرانی و سەرفرازی خاك و نەتەوە بووە .. ئەم رایەمان بە بەڵگە دەسەلمێنین پاش ئەوەی ناوەرۆکی نووسینەکانی بە پێوانەیێکی مەوزوعی و « راستی » مێژوویی شی دەکەینەوە .

ئەوەی شایانی باسە ، بەداخەوە تا ئێستا کەم باسی گۆڤاری پەیژە و مستەفا شەوقی کراوە(٧) . تەنانەت لە هەندێ سەرچاوەی ڕۆژنامە نووسی و مێژوویش ناوی نەهاتووە(٨) .

خودی باسەکە ئەو ناونیشانەی دیار کرد ، لەبەر ئەوەی گۆڤاری « پەیژە » یەك ژمارەی لێ دەرکراوە ، هەرچەند ئەم ژمارەیەش بە پێی ناوەرۆك و ئاستی ڕۆشنبیری و هەستی نەتەوەپەروەری کەلێنێکی تایبەتی لە ڕەوتی ڕۆژنامە نووسیدا هەیە بۆ ئەم دەست نیشان کردنەش جگە لەشی‌کردنەوەی ناوەرۆکی گۆڤارەکە ، پێویستە بە وردی سەرنجی باری ڕۆشنبیری و سیاسی ئەوسای کورد و وڵاتی عیراقی بدەین . لەگەڵ ئەوەشدا بە دڵنیاییەوە دەڵێم کەلێنێکی پڕ بە پێستی خۆی گرتۆتەوە .. بەڵام بۆ ناوی مستەفا شەوقیم خستۆتە پێشەوە . چونکە بە پێی ناوەرۆکی گۆڤارەکەو بەڵگەی تریش کە دوایی لێی دەدوێین . مرۆڤێکی کەم وێنەی سەردەمی خۆی بووە .. بەڵکو لەلایەنی ئاستی ڕۆشنبیری و ئاستی بیرکردنەوەی زۆر لە سەردەمی خۆی پێش کەوتووتر بووە ، بۆیە هەر دووکیانم بەیەکترەوە بەستۆتەوە ، واتە مستەفا شەوقی و گۆڤاری پەیژە ، چونکە لە ڕۆژنامەیێك یان گۆڤارێك دەکۆڵدرێتەوە ناوی خاوەن و دەستەی نووسەرانی ئەوەند باس ناکرێ ، ئەوەندەی باسی ناوەرۆك و دەوری ئەو ڕۆژنامەیە یان گۆڤارەکە دەکرێ .. بەڵام لێرە دا چونکە مستەفا شەوقی دەورێکی زۆر سەرەکی هەیە ، بۆیە دەڵێم خودی باسەکە ئەو ناونیشانەی دیاری کرد .

— لێرە دا بۆ سەلماندن لەمەڕ دەوری گرینگی کۆمەڵانی خەڵك یان تاکە کەسێك ، رایەکی پەسندی « جونهومنبرگ » دێنمەوە کە دەڵێ :ـ

« ڕاستە ڕۆژنامە » گیان و لەشە ، بەڵام کۆمەڵانی خەڵك دڵە زیندووەکەیەتی ، هەر ئەوانەن ـ واتا کۆمەڵانی خەڵك م . ج ـ ژیان و گەرمایی بەم گیان و لەشە دەبەخشن ، چونکە هەر ئەوانەن ڕێبازو ڕەوتی ڕۆژنامەنووسی دەست‌نیشان دەکەن »(٩) .

لایەنی هونەری و قەبارەو شێوەی دەرهێنانی بە گوێرەی بارستایی چاپ کردن و دەرهێنانی هونەری ڕۆژنامە نووسی بەر لە ـ ٥٢ ـ ساڵ خراپ نیە ، بەڵام تارادەیەك چاپەکەی لە نامیلکە دەکات .. قەبارەی « ١٢ سم » بە « ١٩ سم » ٥ کاغەزەکەی بۆرە ، ناوەکەی لە ناوەڕاستی سەرووی بەرگەکەی بە دەستخەت « کلێشە » بەرەنگی سوور چاپ کراوەو لە ژێر ناوەکەیدا نووسراوە : « ژمارە ـ ١ ـ ئەدەبی ئیجتماعی‌یە بە کوردی بۆ کوردایەتی ئەدوێ ، دانەری مستەفا شەوقی ، حقوقی چاپ بۆ دانەریەتی ، مەتبەعەت ئەلفورات ، بەغدا ١٣٤٥ ك ـ ١٩٢٧ ز » جگە لە بەرگەکەی ـ ٤٤ ـ لاپەرەیە لە دوا بەرگیشی نووسراوە :

« جێگای فرۆشتن و موخابەرە ، بەغدا : مەیدانی نوێنچی شاکر موجرم ـ مستەفا شەوقی .. لە بەغدا بە هەشت لە دەرەوە بە نۆ ئانە ئەفرۆشرێت »(١٠) .

ئەوەی تا ئێستا بۆ من ئاشکرا بووبێ دەربارەی کەسیەتی و ژیان و شوێنی مستەفا شەوقی زۆر کەمە .. هەر چەندێ لەم ڕووەوە هەوڵم داوە ، بەڵام زانیاریەکی تەواوم وە دەست نەهێناوە .. تەنانەت ساڵی ١٩٧٧ لە ڕۆژنامەی « العراق » دا بانگەوازێکم بڵاوکردەوە ، بۆ ئەوەی هەر کەسێ شتێك دەربارەی دەزانێ پێم ڕابگەیەنێ(١١) . لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ زانیاریم وە

ـحست کەوت هەر چەند هەندێکیان یەکتری ناگرنەوە٠٠ ـە سالی ١٩٧٢ دا لە مامۆستا « شاکر فەتاح » م ـرسی ئەویش لە وەڵامدا گووتی « مستەفا شەوقی ـەرێکی نیشتمان پەروەری کورد بووە . لە پاش ـروخانی دەولەتی عوسمانی گەڕاوەتەوە کوردستان ـدی فەرمانی میری نەکردووە ٠ بەڵکو لە پێناوی ـێش کەوتنی نەتەوەی کورد هەردەم لە خەباتدا بوە»(١٢)

مامۆستا گیوی موکریانی بەر لەوەی کۆچی دوایی ـکات لێم پرسی . ئەویش گوتی : « پاش گەڕانەوەی ـە ئەستەموول ، وە لە رەواندوز کرا بە زابتی تەجنید ـموێ ـ واتە لە رەواندوز ـ بە نەخۆشی دڵ وەستان ـرد »(١٣) ٠

ـ بەرێکەوت رۆژی شەممە رێکەوتی ٢٣ـ٢ـ٩٨٠ چووم بە مامۆستا شەمسەددین سلێمان سلاح شـوز کـەوت . کە لە بنەماڵێکی ناوداری رەواندوزە ٠ دەربارەی مستەفا شەوقی لێم پرسی : مامۆستا شەمسەددین سلێمان گووتی : « من دەیناسم ، زابتی تەجنید بوو لە رەواندوز ، من ئەو کاتە بەڕێوەبەری شارەوانی رەواندوز بووم ٠ رۆژێکیان لە پڕێکا دڵی وەستاو مرد . وا بزانم سالی ١٩٣٨ یان ١٩٣٩ بوو٠٠ بەلام نازانم تەرمەکەیان بۆ کوێ برد ٠ مرۆڤێکی زۆر ـسەر خۆو ئاقڵ بوو . بەخۆشی زەعنی خوێنی هەبوو ـەبەر نەخۆشیەکەی زۆری پێ ناخۆش بوو کە ـەرەواندوزە » هەروەها مامۆستا شەمسەددین گووتی: « پیاوێکی سوورو سپی چوار شانە بوو »(١٤) ٠

دکتور مارف خەزنەداریش لێکۆلینەوەیێکی لە ژێر ناونیشانی « شیعری سیاسی کوردی لە کوردستانی عیراقدا ماوەی نێوان هەر دوو جەنگی کێتی » لە گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیات ژمارە ـ ١٥ ـ سالی ١٩٧١ـ١٩٧٢ دا بلاوکردۆتەوە ٠ لە نێوان ئەم لێکۆلینەوەیە دا شیعرێك بە ناوی مستەفا شەوقی لە ژێر ناوی«هاواری دایکێ»لەگەڵ پێشەکییێکی پەخشانی بلاوکـردۆتەوە ٠ جا لە پەراوێزی لێکۆلینەوەکەیدا ژمارە ـ ١٥ ـ دکتور مارف دەڵێ : « مستەفا شەوقی خەلکی سلێمانی بووە ٠ ماوەیەك لە ئەستەمبوول ژیاوە، شاعیرێکی نیشتمان ـ پەروەربووە خاوەن زەوق بوە »(١٥) ٠

کەچی دەبینین دکتۆر مارف لە رایەکی پێشووی پاش گەز دەبێتەوە کە زۆر راستە (م ٠ ح) ـ دکتور مارف وتارێکی لە ژێر ناویدوو ناونیشان لە گۆڤاری رۆژی کوردستان ژمارە ٤٣ و٤٤ی سالی ١٩٧٦ـ١٩٧٧ لە لاپەڕە ٣٨ـ٤٦ بلاوکردۆتەوە ، جا لە پەراوێزی ژمارە ـ ١٤ ـ دا دەڵێ : « ئەو زانیاری‌یەی لە ناوەوە بێ لەبابەت ئەم شاعیرەوە ـ مەبەستی مستەفا شەوقی یە (م ٠ ح) ـ ئەوەیە کە پارچە شیعرێکی بە ناوی « هاواری دایکێ » لەگەڵ پێشەکییێکی پەخشان بلاوکراوەتەوە ، وەبە خەلکی سلێمانی ناسراوە »(١٦) ٠

دکتـور مارف هەر لەم پەراوێزە دا دەڵێ : « لێرەدا پێویستە هەڵەیێکی خۆم راستبکەمەوە لەو وتارە دا شاعیرم بەخەلکی سلێمانی داناوە راستی‌یەکەی مستەفا شەوقی لە بنەماڵەی « قازی » ی شاری سابلاغی «مەهاباد» کوردستانی ئێرانە ، لە ئوسلووبی شیعرەکانیشی هەندێ ئەدگاری شێوەی ناوچەی موکریان دیارە . زیاد لەسەر ئەمەش لە رۆژنامەکە شاعیر خۆی نووسیویەتی قازی زادە شەوقی » !(١٧) ٠

جارێ بەر لە هەموو شتێك ٠ دەبوایە دکتۆر مارف بە پێی شیعری « هاواری دایکێ » بلێ مستەفا شەوقی خەلکی کوردستانی ئێرانە ، نەك خەلکی سلێمانی یە ، چونکە ئەو شیعرە زیاتر ئەدگاری شێوە موکریانی پێوە دیارە ، نەك شێوەی سلێمانی . جا چ لەبەکار هێنانی « پێتە قالبی دەی پێش کری فرمانی رانەبووردوو ، یان ناوهێنانی « بەندێ ـ بەیتی ـ برایمۆك » یا هەندێ وشە کە زیاتر لە شێوەی موکریان باوە وەك : « دەستر ، دەبن ، تاو ، لابە ، شاپوور ٠ بابت ، نێو »(١٨) ٠ من گومان دەکەم ، ئەم شیعرە ، واتا « هاواری دایکێ » هەر لە بنەڕەتدا هی مستەفا شەوقی بێ ، هەر چەند لەبیستو چوارەم دێر دا وشەی « شەوقی » هاتووە ٠٠

سەیر ئەوەیە دکتۆر مارف خۆشی بەگومانەوە دەڵێ : « من لە دەستنووسەکەی مامۆستا نەجمەددین مەلا وەرم گرتووە ، کە لە رۆژنامەی ژین ، ئەوەی سالی ١٣٣٧ کۆچی ١٩١٩ زاینی لە ئەستەموول دەرچووە»(١٩) ٠

دکتۆر مارف بۆ پاکانەی پاشگەز بوونەوەکەی دەڵێ : « ئەوەی لێرە دا سەرنج رادەکێشێ و پێویستی بەلێکۆلینەوە هەیە ئەوەیە کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم و دوورو بەری جەنگی جیهانی یەکەم لە پایتەختی عوسمانی دا رۆڵەی هەموو ناوچەکانی کوردستان بزووتنەوەی نەتەوایەتی دا بە شداربوون ، تەنانەت کوردی کوردستانی ئێرانیش هاوکاری ئەم

خەباتە بوون »(٢٠) ·

بێ‌گومان بە پێی باری ئاڵۆزاوی نەتەوەی کورد زۆر لایەنی مێژووی رۆشنبیری‌و سیاسی بـە ئاسانی ساغ نابێتەوە . چونکە لە وانەیە سەرچاوەی نەزانراو بدۆزرێتەوە زیاتر ساغ‌بێتەوە زانیاری راستەقینـــە شوێنی خۆی بگرێتەوە ·

بەڵام لێرەدا مایەی داخە دکتۆر مارف تەنیا بـە یەك وشـــە . واتا وشـەی « قازی زادە » · مستەفا شەوقی لە خەڵکی سلێمانی یەوە کردووە بە خـــەڵکی سابلاغ !؟ لە کاتێکدا چەند بەڵگەی پتەو لە ئارشیفی رۆشنبیری‌و رۆژنامـــە نووسی کوردی دا هەن کـــە بەڵگەی ئەوەن مستەفا شـــەوقی خەڵکی کوردستانی عیراق بووە ·

من لێرە دا بەر لەوەی زانیـاری چەند کەسێکی دیکە تۆمار بکەم ، هەروەها لە نێوان بەرهەمـــەکانی بسەلێنم باری سەرنجی خـۆم لەمەر ساغ کـردنەوەی مەسەلەی مستەفا شەوقی کە خەڵکی کوردستانی عیراق بووە دەخەمە روو :

★ یەکـەم : کوردستانی ئێران بەهیچ جۆرێك ئەوساکە پەیوەندی بەدەوڵەتی عوسمانی‌یەوە نەبووە . تاکوردەکانی ئەوێ لە رێگای وەزیفەو هۆی دیکـەوە چوبنـــە ئەستەموول یان لەوانەیە زۆر بـــە دەگمەن بوو بێ ·

★ دووەم : کـــەڕانەوەی مســـتەفا شـــەوقی بۆ وولاتی عیراق وەك زۆربەی زۆری کوردەکانی کوردستانی عیراق ·

★ سێ‌یەم : بە گشتی لە نووسینەکانی مستەفا شەوقی ئەدکاری شێوەی موکریانی تێدا بەدی ناکرێ، بەڵکو کتومت شێوەی سلێمانی یە(٢١) ·

★ چوارەم . هیچ باســـێك لە گۆڤاری پەیژە پەیوەنـــدی بە کوردستانی ئێرانەوە نی‌یە . چونکـە ئەگەر خەڵکی ئەوێ بوایە شتێکی هـــەر دەنووسی ، جگە لەوەی ئەوانـــەی لە گۆڤاری پەیژە نووسیویانە هەموویان خەڵکی کوردستانی عیراقن : دیسان ئەگەر وا بوایە هەوڵی ئەوەی دەدا نووسەرێکی کوردستانی ئێرانیش هاوبەشی بکات ··

★ پێنجەم : بۆ زێدە سەلماندن ، مستەفا شەوقی، لەوتارێکی لە ژێر ناوی « گفتوگۆ » لە گۆڤاری پەیژە دا بلاوی کردۆتەوە دەڵێ : « جەمعیەتی ئەقـــوام بۆ میللەتی کوردو بە تایبەتی بۆ ئێمەی کە بە کوردستانی جنوبی ناسراوین قراری خۆی داوە . ئەو قرارە کە بۆ ئێمەیە لە دووەمین ژمارەی رۆژنامەی بانگی کوردستانا هەندێکی نووسراوە ··· هتد »(٢٢) ·

ئەوەی مایەی سەرنجە لە بۆچوونەکەی دکتـــور مارف دا ئەوەیە کە دەڵێ : « شیعرەکانی » لە کاتێکدا تەنیا یەك شیعر لە رۆژنامەی کوردستان بە قازی زادە شەوقی هەیە ، جا بە هۆی وشەی « شەوقی » داوەیتە ئاڵ مستەفا شەوقی ··

هەرچەند ئەو دوو شیعرەی کە بە ناوی «هاواری دایکێ» و «جەوانان» هـــەر دوو شیعری چاکو بە مێژن ·· جا یەکێك خاوەن ئەم چەشنە شیعرانە بێت، دەبێ شیعری زۆر بێ · ئەگەر وا بوایە بۆچی کەس باسی شیعرەکانی دیکەی نەکردووە . تەنانەت دکتور مارفیش زیاتر لەو دوو شیعرە باسی شیعری دیکەی نەکردووە ·· یان مستەفا شەوقی شاعیر بوو بێ و شیعری زۆر بووە بۆچی نەك شیعرێك . بگرە تاکـە دێرێك یلـە « پەیژە » بلاو نەکـــردۆتەوە ، کەچی پێشەکێ یەکو چوار وتاری لەم یەك ژمارەیە دا بلاو کردۆتەوە . نەك تەنیا هەر ئەوە · بگرە وەك ســـەر نووسەری رۆژنامەی « بانگی کوردستان » ی مستەفا پاشا بووە لـــەویش هیچ دێرە شـــیعرێکی بلاو ـ نەکردۆتەوە ·· کەواتە قازی زادە شەوقی ، مســـتەفا شەوقی نی‌یە ، بەڵکو یەکێکی دیکەیە ·

★ رۆژی یەك شەممەی رێکەوتی ١٠ی نیسانی ١٩٧٧ دەربارەی مســـتەفا شـــەوقی لە مامۆســـتا « عەلائەدین سەجادی » م پرسی . ئـــەویش گوتی « مستەفا شەوقی خەڵکی سلێمانی بووە . وەزیفـــەی مەدەنی دیوە » ·

★ دکتور عیزەددین مستەفا رەسوڵ رێکـــەوتی د‍ـ٢ـ١٩٨٠ لە شاری هەولێر بوو . لێم پرسی مستەفا شەوقی کێ‌یە ؟

ئەویش گوتی :

« مستەفا شەوقی . زابتێکی خـەڵکی سلێمانی بوو . لە سوپای عوسمانی کاری کردوەو پاشـــان گەڕاوەتەو بۆ عیراق‌و لە سوپای عیراق دیسان کاری کردووەو پلەی « مقدم » رۆیشتوە خزمی لە سلێمانی هـــەن یەکێکیان بـــە « محي‌الدين دگـــل » ناوی دەرکردووە ، خوشکەزای بووە · « محي‌الدين » کۆنە لەنگە ـ فرۆش بووە » · هەروەها دکتور عیزەددین

رنی من به مندالی چەند جارێك دیوومە . چونكە كە دەهاتـــە سلێمانی لە مالی « محي‌الدين دا دەبەزی نیمەیش دراوسێیان بووین »(٢٣) ·

ــ دووبارە رۆژی یەك شــەممەی رێكەوتی ٢ـ٢ـ١٩٨٠ لە مامۆســـتا « شـاكر فەتاح » م رسی . گوتی :ــ

« مستەفا شــەوقی مرۆڤێكی زۆر بە تواناو كورد پەروەر بوو . هەردەم هانی لاوانی كوردی دەدا، خــەلكی سلێمانی بووە . وابزانم ماوەیێك كرا بــە زابتی تەجنید » ·

ئەنجام : بە پێی زانیاری ئەو كەسانـەی ناوم بردن‌و هەروەها بە گوێرەی باری سەرنجەكانـم بێ‌گومان مستەفا شەوقی خەلكی كوردستانی عیراق‌و بەتایبەتی شاری سلێمانی بووە ·

● مستەفا شــەوقی رۆشنبیرێكی نەتەوە پەروەرو رۆژنامە نووسێكی هوشیار بووە ···

مستەفا شەوقی هەروەكو خۆی لە پێشەكی‌یەكەی « پەیژە » دا دەلێ : « ئەمەنم هەشت سالان بووە كە لە كوردستان دوور كەوتوومەتەوە »(٢٤) ·

دیارە بەر لەوەی بچێتە ئەستەموول ماوەیەك لە بەعدا ژیاوەو لەوێ فێری زمانی عارەبی بوومو چاوی كراوەتەوە واتا هەر لە بەغداش خوێندویەتی ، پاشان چۆتە ئەستەمـوول لەوێش لە سوپای عوسمانی ·· بۆتە ئەفسـەر مانـەوەی لە ئەستەمول زۆر كاری لــێ كــردووە . ئاســۆی بیركردنەوەی فرەوان بوومو شارەزاییێكی باشی لە كاروباری دونیــاوە دەســت هێناوە ·· تەنانەت لە هــەندێ نووسینەكانی وەك ــێكی ئەو رۆژ گارەو بە گیان‌و هەستێكی نەتەوە پەروەر بیری كردۆتەوە · مستەفا شەوقی لە وتارێكی كە لە ژێر ناوی « وەتەن‌و میللەت » دا نووسیویەتی دەلێ : « ··· هەوێنی خۆشەویستی وەتەن‌و میللەت پەرستی تازە دانەهاتووە · لەناو ئەقوامی عالەمدا لە مێژینەوە هەروا بەم جۆرە ناسراوە ·· » ·

« بۆیە لە ئاكاوێكا هــەموو میللەتی رایــەری ئەمرۆ ، وا لە هەموو لایەكــەوە سەربەخۆ ــ ن ــ بۆ پێشكەوتن‌و ئازادی میللەتی خۆیان خەریكن ، ئێمــە مانان كەوا ئەمرۆ لە ریزەی ئەقواما لە بازاری سیاسی عالەما هیوای ژیان‌و ئاواتخوازی پێشكەوتن‌و ئازادی میللەت ئەكەین ، جارێ لە پێش هەموو چشتێكا ئەبێ بزانین كــە بناغەی ژیانی هــەموو قەومێك بەپێی كـۆششی خۆیــەوە دائەمــەزرێت · وەهیچ كارو كردكارێك لە خۆیەوە بەبێ بناغـە سەرناگرێت‌و نا سازێت ·· لەبــەر ئــەوە : بەوریایی‌و شــێنەیی ووردبینەوە ! بۆ ئەوەی كــە لەمەولا جارێكی تر بە تەفرە هەل‌نەخەلەتێین‌و بــەرێی بێ فەڕو نشستیا رانەبوورین · چونكە ئینسان هــەتا شارەزای رێی رزگاری نەبێت رزگاری بۆ نالوێت » · « با نــەختێ سەر هەلبڕین لە كاروكردەوەی ئەقوامی عالەم وورد ببینەوە با بزانین :لەچاو ئەوانا چیمان كەمە سەبەبی پاشكەوتنمان چیەو لە چیەوەیە ؟! یەكە یەكە بەدی بێنین‌و هەموو لایێك پێكەوە بی‌پشكنین‌و بیدۆزینەوە· بۆ ئەوەی كە وەكو ئەقوامی عالەم تێ‌بكۆشین · تاكو لە ریزەی ئەوانا رووڕەوامان ببێت‌و بتوانین حەقمـان بە عالەمی مەدەنیەت بسەلمێنین »(٢٥) ·

ــ ئەمە نمونەیێكی بچكۆلانە بوو لەو نووسینانەی كــە مستەفا شــەوقی بۆمانی بــەجێ‌هێشتووە · دەردەكەوێ رۆشنبیرێكــی لێ‌هاتوو و نووســەرێكی سیاسی‌و رۆژنامــە نووسێكی دلســۆزی نەتەوەو نیشتمانەكەی بووە ·

مستەفا شەوقی بەر لەوەی بگەڕێتەوە بەغـدا · دیارە لەوێ پەیوەندییێكی بەهێزی لەگەل ئەو كوردە نیشتمان پەروەرانە هەبووە كە لە ئەستەمول ژیاون، هەر لەوێیش فێری كاری رۆژنامــە نووسی بووە ، چونكە سالی ١٩٢٦ كە رۆژنامـەی بانگی كوردستان ـ ی مستەفا پاشا لە بەغـدا دەرچــووە ناوی مستەفا شەوقی لە لای راستی لاپەڕەكــە نووسراوە . كــە نووسەری رۆژنامــەكەیە واتە بە مانای ئــەمرۆكە سەرنووسەری بووە(٢٦) ·

ــ شێوەو قەبارەی ئــەوسێ ژمارەیە گۆڕانی بەسەردا هاتووە ، لە لایــەنێ هــونەری‌و رێنووس‌و كوردی‌یەكەی باشتر بووە · چونكە لە ژمارە یــەك تا ١٤ بە قەبارەی « ٣٤ سم×٥ر٢١سم » و « تێكست ٥ر٢٨سم×١٧سم » دەرچووە بــەلام ژمارە ــ ١٥ ١٦ . ١٧ ی بە چوار لاپــەڕەی تێكستی « ٥٠سم× ٣٨سم » دەرچووە(٢٧) ·

ــ نمــوونەیێكی دیكەش كــە لە سلێمانی دەرچووە لە ژێر ناوەكەیدا نووســراوە : « عیلمی ، سیاسی · ئەدەبی ، غەزەتەیەكی میللی‌یــە » كــەچی ئەوسێ ژمارەیەی لە بەغدا دەرچووە لە ژێر ناوەكەیدا

نووسراوە « غەزەتەیێکی سیاسی ، ئەدەبی و فەنی یە » لێرە دا بۆمان دەردەکەوێ ، کە مستەفا شەوقی چەند ئاگاداری لەکاری رۆژنامە نووسی هەبووە . بۆیە وشەی « عیلمی » لابردووەو وشەی ـ فەنی ـ داناوە کە زیاتر پەیوەندی بە رۆژنامەکەوە هەبووە .. تەنانەت تا ئێستاکەش ئێمە رۆژنامەو گۆڤاری زانستیمان نی‌یە(٢٨) .

ـــ مستەفا شەوقی ئەگەر لە ئەستەموول دا خۆی‌پێ نەگەیاندبێ فێری هونەری رۆژنامە نووسی نەبوو بێ ، چۆن دەیتوانی یەکسەر کاروباری رۆژنامەی بانگی کوردستان راپەڕێنی‌و سەرنووسەری بێ . ئەو کاتەی کە لە بەغدادەرچووە .. بەڵکو وا دەردەکەوێ دەورێکی سەرەکی‌ی لە دەرکردن‌و پێش‌خستنی گێڕاوە .

ـــ لە رووی رێنووسیشەوە نمونەیەك دێنمەوە، ئەویش ئەوەیە ئەو کاتەی « بانگی کوردستان » لە سلێمانی دەرچووە ، وشەی «کوردستان» بەرێنووسی عارەبی نووسراوە واتە « کردستان » کەچی کەلە بەغدا دەرچووە راستی‌یەکەی نووسراوە واتا « کوردستان »(٢٩) ئەوسێ ژمارەیەی « بانگی کورستان » کە گوتمان لە بەغدا دەرچووە چوار چیوەی بابەتو دەنگو باسی فراوانترو بە هێزترن ، بۆ نموونە ژمارەیێکی زۆر دەنگو باسی ولاتانی جیهانی تێدایە کە لە (١٤) ژمارەکەی سلێمانیدا بەدی ناکرێ ئەمەش دوو هۆی هەیە :

یەکەمیان : دەرچوونی لە بەغدا کە پایتەخت بووە . دووەم رەنگ دانەوەی دەورو چۆنێتی بیرکردنەوەی مستەفا شەوقی‌یە . هەروەها دەبینین وتارێك لە ژێر ناوی « سەیری دونیا کەن لە ژمارە ١٤ـ١ دا ، یان سەر وتاری دووەم ژمارەی بەغدا١٤ـ٢ بەم ناونیشانە نووسیویەتی : « جەوابی ئەوانە کە بە خۆڕایی باسی کوردایەتی دەکەن»! بلاوکراوەتەوە. هەر دوو وتارەکە سیاسی‌و چاکن .. ناوی کەسێنی پێوە نی‌یە . زۆر لە وەدەچێ مستەفا شەوقی نووسیبێتی . چونکە سەرنووسەری رۆژنامەکە بووە(٣) ...

● رۆژنامە نووسێکی کۆڵنەدەر

دەرکردنی گۆڤاری پەیژە، بەم شێوەیە . واتا کۆکردنەوەی چەند بابەتو شیعر وەرگرتنی بڕیاری لە رەقابە ـ واتا ئیمتیازی نەبووە وەك گۆڤارێکی ئاسایی ـ ئەوە دەگەیێنی . ئەو کاتە لە بەغدا هیچ رۆژنامەو گۆڤارێك دەر نەچووە .. هەرواش بووە ، چونکە دووا ژمارەی گۆڤاری دیاری کوردستان لە (١٠)ی مایسی ١٩٢٦ دەرچووە(٣١) . بڕیاری چاپ کردنی «پەیژەش» لە لایەن رەقابەوە لە ٢٩ـ١١ـ٩٢٦ دەرچووە(٣٢) کەواتە گۆڤاری پەیژە نیشانەی ئەوەیە ، کە مستەفا شەوقی ویستوویەتی بە هەر جۆرێك بوو بێ . وشەی رەسەنی کوردی لە رێگای رۆژنامە نووسی‌و چاپەمەنی پەرە بسێنێ‌و گەشە بکات .. سەدان رۆڵەی کورد لە خەوی غەفلەتی راپەڕێنێ .. جا بە پێی ئەو پێشەکی‌یەی کە بۆ گۆڤاری پەیژە نووسیویەتی ، زۆر روون‌و ئاشکرایە کە رۆژنامە نووسێکی کۆڵنەدەرو خەمخۆری زمانە زگماکەکەی بووە . بەڵکو هەردەم لە دەرفەت‌گەڕاوە بۆ ئەوەی وشەی پاك‌و خاوێنی کوردی بلاوببێتەوەو زیاتر کۆمەلانی خەلك هۆشیار بکاتەوە بۆ ئەوەی رۆژێك زووتر لە نەگبەتی دواکەوتن‌و زولم‌و زۆرداری نەتەوەیی‌و سیاسی رزگاریان ببێ .. مستەفا شەوقی لەو پێشەکی یەدا دەلێ : « تاکو رۆژنامەیەکمان بۆ رایی‌نەبێت ، جارێ هەر بۆ ئەوەی کە نووسینمان بلاوببێتەوە بە هیوای یارمەتی تێگەشتوانی میللەتەوە ناو بەناو ، بەم جۆرە خزمەتی میللەتم گرتووەتە بەر هیچ نەبێت لە نار یارو نەغیارا(٣٣) نووسینمان بلاو بێتەوە . کە ئەوەیش ئەمرۆ بۆ ئێمە گەلێ گەلێ پێویستە » .

« بە تایبەتی تکا لە تێگەیشتوانی میللەت ئەکەم . لە لایەنی ناتەواوی شێوەی نووسینەوە لێم ببورن ! بیستو هەشت سال لەوەپێش هەشت سالان بووم کە لە کوردستان دورکەوتوتەوە . تا ئێستا هەر بە زمانی فارسی وعەرەبی‌و تورکی لە خوێندن‌و نووسینا راهاتووم .. بە زمانی خۆ بەبێ هاودەنگ ئەمرۆ هەر ئەوەندە ئەتوانم بنووسم » . « لەبەر ئەوە هیوام گەورەیە لێم ناگرن لێم ئەبوورن » .

بەغدا : ٢٣ـ٥ـ١٩٢٧ نیمزا مستەفا شەوقی(٣٤)

ئەو چەند نموونەیەی لە نووسینەکانی مستەفا شەوقی کە هێنامنەوەو بەر لە ٥٣ سال زیاتر نووسراونەتەوە ، زۆر بە توندی ڕاو دەست نیشان کردنەکەمان دەسەلمێنن ، کە ئەم زاتە مرۆڤێکی دلسۆزو هۆشیار بووە ، رۆشنبیرێکی نەتەوە ـ پەروەر و رۆژنامە نووسێکی کۆڵنەدەری کەم وێنەی

سەردەمی خۆی بووە .

* *

ـــ ئێستا کەش بـــە گشتی باسی گۆڤاری « پەیژە » دەکەم ، چـونکە لە پێشەوە گوتم هـــەر دووکیانم بەیەکەوە بەستۆتەوە ، واتە مستەفا شەوقی‌و پەیژە یان پەیژەو مستەفا شەوقی .

ـــ ئەم گۆڤارە جگە لە پێشەکی‌یەکەی هەشت جۆرە نووسین‌و شیعری تێدا یە ، چل‌و چوار لاپەڕەی داگرتووە ، لەم هەشـــت ماددەیە ، چواری مستەفا شەوقی نووسیویەتی . ئەوانی دیکـەش دووانی هی (سەید عەبدول خالیق کەرکوکی یە) « ئەسیری » شیعرێکی م نوری ـ شیخ نوری شیخ سالح ـ لەگەل شیعرێکی قازی هەلەبجە مەلاحەسەن(٣٥) .

ـــ بەلام دکتور کەمال مەزهەر دەلێ :«ناوەرۆکی بریتی‌یە لە ژمارە یەك‌و وتارو شیعر کـە لەوە دەچێ هەمووی مستەفا شەوقی خۆی نووسیبێ »(٣٦) .

ـــ ئـــەوەی یەکسەر ســـەرنجی خوێندەوار رادەکێشی ئەوەیە لە ژێر ناوەکەیدا نووســـراوە : « ئەدەبی ، ئیجتماعی یە بە کـــوردی بۆ کوردایەتی ئەدوێ » لێرە دا مەبەست لە وشەی « بە کوردی بۆ کوردایەتی ئەدوێ » یـــە ٠٠ دیارە خاوەنەکـــەی سووربوونەکەی پیشان دەدات کـە بەرهەمەکەی بـــە زمانی زکماکی یەتی . هەروەها نیشانەیێکی زیندووی بوونی نەتەوەیە . لە رۆژگارێکا ئـــەو زمانە ـ واتا زمانی کوردی ـ نەك تەنیـــا لە ڕێگای چاپەمەنی‌و رۆژنامە نووسی یەوە مافی رەوای خۆی لێ‌ســـەندرا بوو . بگرە لە لایەن دام‌و دەزگاکانی میری ئەوســـا بەربەرەکانی‌یەکی توندیشی کراوە ٠٠

لەوە گرنگتریش ئەوەیە وشەی « کوردایەتی » ئەوسا لە ڕێگای چاپەمەنی زۆر کەم بەکار هاتووە . هەرچەنـــد تا رادەیێك کۆمـــەلانی خەلك وشـــەی « کورداتی » یان بەکار هێناوە بەلام زیاتر لە رووی کۆمەلایەتی یەوە بووە ، نەك سیاسی‌ی بە چـــەمکی رۆژگاری ئەمرۆ کەمانـــدا ٠٠ لە کاتێکا ئەوەی پاش سی‌یەکان تا ئێستاکەش لایـــەنی سیاسی یەکـــەی کوردایەتی لە ڕێگای جوولانەوەی نەتەوە خوازی‌یەوە بە ئێمـــە گەیشتووەو مەغزایێکی پیرۆزی هـــەیە ٠٠ بەلام مستەفا شـــەوقی دیارە بـــە نیازی مەبەستو ئامانجێکی پیرۆز ئەم وشەیەی خستۆتە ســـەر بەرگی گۆڤارەکەی . ئـــەوەش وەك درووشمێکی نەتەوەیی‌و سیاسی بە کۆمەلانی خەلکی راگەیاندووە بۆ ئەوەی لە پێناویدا تێ‌بکۆشن وئامانجەکانی وەدەست بێنن .

بە کورتی ئەم دوو وشـــەیە : « بە کوردی بۆ کوردایەتی ئەدوێ » ئەوە دووپات دەکاتەوە . کـــە خاوەنەکەی نیشتمان پەروەرێکی راستەقینەی ڕێگای سەرفرازی نەتەوەی کوردی چەوساوە بووە .

● بۆ ناوی ناوە « پەیژە » ؟

بەلای منەوە تەنانەت کە ناوی گۆڤارەکەی ناوە « پەیژە » دیسان بە مەبەستێکی کۆمەلایەتی‌و سیاسی بووە ، کە لە ڕێگای چاپەمەنی‌و رۆژنامە نووسی یەوە پەیتا پەیتا بەربەرەکانی دواکـــەوتن‌و نەخوێندەواری دەکرێ وکۆمەلانی خەلك هوشیار دەبنەوەو دەســـت نیشانی ئێش‌و ئازاریان دەکەن‌و بیر لە چارەســـەری دەکەنەوە .

● رێبازی نیشتمانی‌و نەتەوەیی گۆڤارەکە

بەگشتی ئـــەو ژمارەوتارو شـــیعرانەی تێیدا بلاوکراوەتەوە نیشتمانی‌و نـــەتەوەیین . بـــەگیانو هەستێکی کورد پەروەری‌و لەبەر رۆشنایی رێبـــازو ئامانجێکی سیاسی شۆرشگێرانە دا نووســـراون . بگرە ڕەنگ دانەوەی باری شەپرزەیی‌و چەوساندنەوەی نەتەوەیی‌و دواکەوتنی کۆمەلایەتی‌و ئابووری‌و فروفێل بێگانەکان‌و فەرمانرەواکانی ئەوسای رژێمی پاشایەتی دەنوێنن ٠٠

جگە لە دەست‌نیشان کردنی هۆیەکانی پارچـــە پارچە بوونی نیشتمان‌و یەك نەبوون‌و یەك نەگرتنی کورد لە ناو خۆی دا ٠٠ هەروەها بە ئاشکرا پەنجە بۆ مەسەلەی دووبەرەکی‌و ناکۆکی وملکەچی هەندێ لە کوردەکانی ئەوسەردەمە درێژ دەکات ٠٠ بـــەلام لەگەل ئەوەشدا کە ئەم دەردو هۆیە کوشندانە دەخاتە روو ، رۆلەکانی نەتەوەی کورد هان دەدات کە زیاتر بازووی تێکۆشان وەکار بخەن ٠٠٠

بۆ سەلماندن‌و دووپات کردنەوەیی ئەم دەست‌نیشان کردنـــە بە گشتی لە ناوەرۆکی گۆڤارەکە چـــەند تێکستێك « دەق » دێنمەوە ولەسەری دەدوێم .

لە وتاری وەتەن‌و میللەت دا کە مستەفا شـــەوقی نووسیویەتی لە دووەم بەشی دا دەلێ : « قەد ناشێ تا ئێستا تێ‌نەگەیشتبێن کە بۆ ژیانی ئازادی میللەت سەرەتای گشت کارێك لە ناو حـــکومانا یەك بوونی ـ یە ٠٠ خوا نەخواستە ، ناکۆکی‌و دوودلی‌و هاژاوە نفلانەی سەرگەردانی‌و ئەنجامی پەریشانی یە . بـــە

تایبەتی لەم زەمانە دا : ئەگــــەر بێتوو قەومێك لــە ڕێزەی ئەقواما پاشکەوێتو بە پێی ئەوان وەکــو ئەوان هەوڵو تەقەللا نەدات ، دەست لە خۆی بشوات کەس پەکی بەبەر ناکەوێت ، کەس بەزەیی پێ نایەت . لە ژێر دەستو پێدا ئەمینێت ، لە پڕێکا ناونیشانی ون ئەبێت بە جارێك ئەفەوتێو ئەمرێت . لە دنیــادا ئەم هەموو ئەقوامــەی کـــە هاتوون وچوون بوونو نەماون گشتیان بە هۆی ناگاداری یەکێتیی خۆیان خۆیانەوە ژیاون . کە بەتەنگ خۆیانەوە نەبوونو لــە حەق لایان داوە سەرەو ژێربوونو فەوتاوون ! قەومێك کە بێباکو بێ پەروا بێتو بەتەنگ خۆیەوە نەبێت ماڵو موڵکی ئــەو قەومە هــەروەکــو قومارخانەی بەسەریەت نەبێ بە یاری بەدەست چەند کەسێکەوە، ئەوکەسانە لە ناو خۆیانا بەنۆرە هەر ڕۆژ یەکێکیان ئەیباتەوەو دوایان ئەیدۆڕێنن ، بە پاشا بەرەبەرە

یەك لە دوای یــەك گشتیان بە جارێك ئەیدۆڕێنن موڵکو میللەتیش لەگەڵ خۆیان ئەفەوتێنن »(٣٧) .

ئەم قسەو بۆچونانە بەر لە ٥٢ ساڵ گوتراون کە چەند بە ووردی باری ناهەمواری کۆمەڵی کوردەواری دەست نیشان کــردووەو چۆن دلسۆزانە هانی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کـــورد دەدات . کە مەســـەلەی هۆشیاری ویەکێتی بەردی بناغەی ســەرکەوتنە . هەروەها خاوەنەکەی لە ناخی یـــەوە هاوار دەکات بۆ ئەوەی بە زوویی چارەسەری مەسەلەکە بکرێ .

ــــ یان دەبینین خاوەنی هــەمـــان وتار وەك تێکۆشەرێکی ڕۆشنبیرو شۆڕش شکێر چۆن مەسەلەی زانستو پیشەسازی بە هۆیێکی گرنگی سەرکەوتنی نیشتمانیو نەتەوەیی دەزانی . مستەفا شەوقی لــە بەشی سێیەمی وتارەکەی دا دەڵێ :ــ « لەم زەمانــە دا کەوا هەموو قەومێك خۆبەخۆ لە پێناوی چاکــەی کەلکو کاری خۆیانا شــەوو ڕۆژ بــە دڵو بەگیان هەریکن .. ئێمە مانان ئەگەر بە خۆمان بزانین لە چاو کۆششی ئەوانا بێ دەنگو بێ سروە بە پیر مردنــەوە ئەچین ! قەومێك کە لە علمو لە سەنعەت ێ بەهــرە بێت بــە هیچ ئاواتێك ناگات . وەکـــو درەختێکی بێبەرو بێ گــەڵا . واتا سیبەریشی بۆ نابێت کـــە ئینسان لە بەری بحەسێتەوە »

« ئێمــە مانان لە چاو ئەقوامی عالەمدا سەبەبی پاشکەوتنمان لە پێش هەموو چشتێکدا لە کردەوەی خۆمان ئەیدۆزینەوە . تۆزێ لە تەئریخی عالەم ورد بینەوە ئەوسا لە خۆمان ئەگەیینو ئەزانین کە سەبەبی پاشکەوتنمان دوو بــەشی لەشی لەبــەر بێباکیو بێ پەروایی خۆمانەوە ڕووی داوە » .

« هــەفتا ساڵ لەمەوپێش لــەو ڕۆژەوە کـــە بناغەی سەربەخۆی کوردستانی خــۆمان تێکچووە . لە ناوبراو تا ڕۆژایــەکی ئەمــڕۆ لە هیچ لایەکەوە توخنی کاری خۆمان نەکــەوتووین . لە خۆمانەوە بۆ خۆمان هیچمان نەکردووە . هەر چیــەکمان کردبێت بۆ بێگانە بووەو هــەر بــە کەڵکی کاری ئــەوان هاتووە » .

« هیچ قەومێك بە جەمعتەی ئێمە نە بووە . کەس وەکـــو ئێمەی لێ نــەهاتووە ! لە ناو خــۆمانا بەیەکتری یەوە ئەنووساوین هەچ کەس لە عاستێکەوە بۆ خۆی لەگەڵ خۆی خەریك ماوە . خزمەتی بێگانە بەدڵو بەگیانو بە خۆشی . خزمەتی خۆ بە بێگارییو سووکی ناسراوە . لەبەر ئەوە . بۆ چاکەی میللــەت هیچمان پێ نەکراوەو هەر چیەکمان بووە بە فێــڵو هەڵەتی بێگانە گوێچر گوێچر لەناو براوە »(٣٨) .

● پەیڕەو ووتاری سیاسی

گۆنـــــان بـــە گشتی ناوەڕۆکی گــۆڤارەکە نیشتمانیو نەتــەوەیی وباســـەکانی لە مەســـەلەی چەوساندنەوەی نیشتمانیو نەتەوەیی دە دوێی بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە هــەڵدەگرێ بەشێکیش لـــەم باســـە دا لە ژێر ئەم ناوەدا لێیبدوێین ، چونکــە ڕاستی گۆڤارەکە چەند مەســـەلەیەکی دیکەی زۆر گرنگو ڕاستەوخــۆ خستۆتە بـــەرچاو . لەوانە . بەڵێنی بێگانەکانو ئەنجامی بڕواکردن بە بێگانە . چ زیانێکی گەورە بــەچارە نووسی گەلان دەبەخشێ . هەروەها مەسەلەی گرنگی دوورستبوونی ڕێکخراوی ڕۆشنبیریو کۆمەلایەتیو سیاسی چ ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە هۆشیار کردنەوەی کۆمەلانی خەڵك دا لـــە پێنــاوی وەدەستهێنانی مافە مرۆڤ پـــەروەریو نەتەوەیی یەکان .

ــــ لە ووتارێکدا کە لە ژێر ناوی « گفتوگۆ » کە بە شێوەی پرســـیارو وەڵام لـــە نێوان « بارامو ڕۆســـتەم » دا بلاوکراوەتەوە گفتوگۆیەکی ڕەوانو سیاسیو ڕۆشنبیری یە .. پێشـــەکی بـــە پەندی پێشینان دەچێتە ناوباسەکەوە ، ئەم پەنا بردنە بــەر پەـــندی پێشینانە هەڵویستو هەستی خاوەنەکەی

...مەر کەلەپووری نەتەوەیی دەنوێنێ پاش ئەوەی ... ڕێگای پەندی کوردیەوە مەبەستی خۆی ڕوون ...کاتەوە ، دەر بارەی مەسەلەیەکی زۆر گرنگ دەدوێ، ئەویش ئەوەیە کە پێویستە نەتەوە پشت بە خۆی ببەستێ‌و سوود لە هەوڵ‌و کۆششی باوک‌و باپیرانی ...رگرێ پاش ئەم دەست پێ کردنە باسی مەبەستە سیاسیەکەی ئاشکرادەکاو دەڵێ :ـ

بارام « بۆ پێشکەوتن‌و بەرزبوونەوەی میللەت بەناو خۆمانا لە هەموو لایەکەوە جاری جەمعیاتی‌و ...جەمعیاتی خەیریمان پێویستە » ڕۆستەم : لە پێویستی ئەم جەمعیەتانە میللەت دەمێکە لە ...ووەوە تێگەیشتووە ٠ ئەم جۆرە کارانە ڕاستەوخۆ بە کۆششی تێگەیشتوانی میللەت دائەمزرێت خوا وا بکا تێگەیشتوانی میللەت بۆ ئەم کارە خێرە کە بناغەی ژیانی میللەتە تێبکۆشن‌و سازی بفەرموون » ٠

بارام « بەڵێنی « ویلسون » بەباچوو کەچی ئەم دەنگە هەروا لەگوێمانا ئەزرنگێنێ »(٣٩) ٠

ڕۆستەم « بۆ ئەوەی ئاواتی خۆیان بەجێ بێنن هەوێنێکی زۆر باشیان داتا سەردەمێکی دووروو درێژ بەتاسەوە چاوەڕوانی ئەو بەڵێنە یان کردین کاتێك بە خۆمان زانی کەوا بەم ڕۆژە گەیشتین ٠ پاش ئەوەی هەڵوێستو بەڵێنەکەی ویلسون ئاشکرا دەکاو ئەمجا بڕیارەکەی کۆمەڵی نەتەوەکان دەرحەق کورد دەخاتە ڕوو هەروەها مەسەلەی کۆششی خۆی دووپات دەکاتەوەو لەناخیەوە بۆ مەسەلە سەرەکیەکەی خاکو نەتەوە وەك مۆمێك دەسووتێ‌و دەچریکێنێ :ـ

بارام ٠٠ « ئەی جەمعیەتی ئەقوام چی لێ هات؟ خۆ هیوای گەورەمان هەر بە بەڵێنی ئەوانە » ٠

ڕۆستەم :ـ « جەمعیەتی ئەقـوام بۆ میللەتی کوردو بەتایبەتی بۆ ئێمە کە بەکوردستانی جنوبی ناسراوین قراری خۆی داوە ٠ ئەو قەرارە کە بۆ ئێمە بوو ٠ لە دووەمین ژمارەی ڕۆژنامەی بانگی کوردستانا هەندێکی نووسراوە ٠ بە پێی ئەم قەرارە لە ڕیزەی ئەقواما هەقمان ئاگاداری کراوە ٠ بە کۆششی خۆمان گشت ئاواتێکمان بۆ ڕاس ئەبێت بەبێ کۆشش هیچمان پێ ناکرێت »(٤٠) ٠

خاوەنی وتارە کە هەرچەند باسی بڕیارەکەی کۆمەڵی نەتەوەکان دەکات و هیوایەکی گەورەی پێی هەیەو دڵخۆشی خۆی دەردەبڕێ ٠ چونکە هۆێکی گەورە بووە دەربارەی چارەنووسی نەتەوەی کورد ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دیسان ئاواتە پیرۆزەکەی بە کۆششی خۆیی‌و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەبەستێتەوە ٠ بەڵکو زۆر جاریش دوو پاتی دەکاتەوە ٠٠

* *

● مەسەلەی بیری پێشکەوتن خوازانەو خوێندن بە کوردی لە گۆڤارەکەدا

ـــ دەوری مەسەلەی بیری پێشکەوتن خوازانەو دەوری گرنگی خوێندن بە کوردی لە کۆمەڵی کوردەواری ڕێبازێکی پیرۆزی گۆڤارەکە بووە ، بگرە نیشانەیێکی بە هێزی ڕۆشنبیری‌یەو هەستی نەتەوە پەروەری خاوەنەکەیەتی ٠

مستەفا شەوقی بەر لە (٥٣) ساڵ داوا دەکات کتێبەکانی کوردی بە گیان‌و هەستێکی کوردایەتی دابنرێن‌و لەگەڵ مێژوو وئاواتی دوا ڕۆژی کورد بگونجێ ٠٠ داوای خانەیێکی مامۆستایان بە کوردی دەکات ٠٠ هەروەها دەرکەوتن‌و بڵاوبوونەوەی بیری پێشکەوتنخوازانە بە چرایێکی ڕۆشنی ژیان‌دەزانێ ٠٠ بەڵکو زیاتر لە چراش ٠ وەك بروسك کە ئاسمان‌و زەمینمان ڕووناك دەکاتەوە ٠٠ لە لایەکی دیکەش سەرچاوەی ژان‌و ئێش‌و ئازاری کوردەواری بە نەزانین‌و نەخوێندەواری بەستۆتەوە ٠

مرۆڤ کە ناوەرۆکی ئەم وتارە دەور دەکاتەوە، هەستی نەتەوە پەروەری هەموو گیانی دەتەزێنێ ٠ بۆ بەر لە ـ ٥٣ ـ ساڵ دەگەڕێتەوەو وێنەی ئەم سوارچاکەی مەیدانی کوردایەتی دێتە بەرچاوو پەیکەری نەمری، لە داربەڕووی شاخەکانی کوردستان بۆ دەتاشێ ئەفەرموون دووبارە بەشێکی دیکەی وتاری کە لە ژێر ناوی « گفتوگۆ » دا بچینەوە ٠

« ڕۆستەم بە تایبەتی لەم زەمانەدا کە هەموو قەومێك بۆخۆی‌و لەگەڵ خۆی خەریکە ٠٠ فیکری پێشکەوتنخوازی لەناو قەومێکدا لە هەچ لایەکەوە کە دەرکەوت وەکو چرا ، واتا تریشقەی ئێرە مەبەستی بروسکەی ـ م٠ح ـ ڕووناکی بە هەموو لایەکا بڵاو ئەکاتەوە » ٠

« (١) هەموو عراقی یەك لە وتنی ڕای خۆی‌و بڵاوکردنەوەی بە نووسین‌و لەمەجلیس گرتن ـ تەئلیفی جەمعیات ـ بەپێی قانوون سەربەستە » ٠

پار ساڵ لە بەعدا جەمعیەتێك ، کۆمەڵێك دامەزرا بووبۆ نووسینی کتێب کە لە قوتابخانەکانی

کوردستانا بخوێنرێت ئــەو کۆمەڵە چی لێ‌هات ؟ مەکتەب بەبێ کتێب چ کــەڵکێ ئەگرێت ئیمە مانان ئەمرۆ لە پێش گشت کارێکا پێرەوێکی مەعاریفمــان پێویستە کە لە کوردایەتی بوومشێتەوە ٠

لــەوەو لاوە بۆ رێکخستنی نووســیەو کتێب کۆمەڵێك ـ مەبەستی کۆمەڵە کتێبە کە ـ م٠ح ـ بۆ

ژیانی فونابی‌و قوتابخانە هیچ نەبێت لەلایەنی کەمەوە بۆ ئەمرۆ دارالمعلمێکی کوردیمان گەرەکە » ٠

« رۆســتەم : لام وایــە نارراوەکانمان کــە نماینــدەی میللەتن لە لایــەنی قوتابخانــەکانی کوردستانەوە پڕر ساڵ لە مەجلیسا هەندێ گفتوگۆیان کردبوو بەڵام دوای نەهات بزانین ئەم ساڵ چی‌بەجی نەکەن » ٠

• بارام : تاتێستا بە هۆی نەزانکاری خۆمانەوە زۆرمان چەشتو کەلێکمان نۆشی » ٠

ــ ئەم وتارە ـ ١٤ ـ لاپەرەیە ، زۆر چەمك‌و بیروباوەڕی نەتەوەیی‌و سیاسی‌و رۆشنبیری دیکــەی بە نرخی تێدایە بەڵام ئێمــە بەوەنــدە وازدێنین ، چونکەو ابزانم کاکڵی وتارەکەمان بەشی‌کردنەوەیەکی کــورت‌و خەســت خستە بــەرچاو لە دەرفەتێکی بە فراوانی لێی دەدوێین ٠٠

✻ ✻

● لایەنی ئەدەبیی گۆڤارەکە

هەروەکو پێشەوە گوتمان ، جگە لە پێشەکیەکەی هەشت نووسینی تیدا بلاوکراوەتەوە ، لەوانە چواری شیعرە لەگــەڵ (٢٦) پەنــدی کوردی ٠ چــوار شیعرەکەش لە شیعرە چاکەکانی ئەو سەردەمەن هەر چواری نەتەوەیی‌و سیاسی‌یە جگە لەوەی رەنگدانەوەی موعاناتی کۆمــەڵانی خــەڵکی کوردستان‌و خوودی شاعرەکانە ، لە هــەمان کاتیشدا بڕوایــەکی زۆر بەهێزیان بە دوا رۆژو سەرکەوتنی نەتەوە هەیە ، بە تایبەتی شیعرە بەناو بانگەکەی « ئەسیری » ســەید عەبدول خالیقی کەرکووکی لــە ژێر ناوی «وەسیەت» دا هــەروەها بلاوکردنەوەی ـ ٢٦ ـ پەندی پێشینان ئەوەهۆو رەگەزێکی دیکەیە بۆ پتەو کــردنی گۆڤارە کە ٠ جگە لەوەی تۆمارکردنی فۆلکلۆری کوردی بــە هەموو لقەکانی‌یەوە ٠ خزمــەتێکی گەورەی ئەدەب‌و زمان‌و مێژووی کــوردە ٠٠ بلاوکــردنەوەی ئــەو پەندانەش نیشانەو هەڵوێستی گۆڤارەکــەیە لەبەر

نرخزانینی فۆلکلــۆری کــوردی‌یەکە ســەرچاوەی ئەدەبیاتی سەردەمی ئەوان‌و ئەمڕۆکەمانە ، لە هەمان کاتیشــدا بلاوبوونەوەی مــەغزاێکی رۆشنبیری‌و کۆمەڵایەتی هەیە ٠

✻ ✻

مەلا حەسەنی قاری هەڵەبجەش ، شیعرێکی لە ژێر ناوی « گلەیی » دا بلاو کــردۆتەوە ، راستی شیعرەکــەی مــەلا حەسەن ٠ شیعرێکی نەتەوەیی‌و سیاسی بــەهێزە ، وەکوتاری سیاسی بە فراوانی باسی باری ناهەموارو چەوساندنەوەی نەتەوەی کورد دەکــات پەنجە بۆ ئێش‌و ئازارەکانی درێژ دەکــات . بەراوردێکی ورد ٠ لە نێوان باری نەتەوەی کــوردو نەتەوەکانی دیکەی ئەوسا ئەکا کە یەکێتی‌و سەربەخۆی یان وەدەست هێناوە ٠٠ شیعرەکە بریتی‌یە لە شەست دێر ، کە دوازدە کۆپلەی پێنج خشتەکی‌یە بۆ نموونە کۆپلەیەکی دێنینەوە :

ئــەم دەنگە هــەموو نالەی کوردانە لە دەست غەیر
ئەم شۆرە سەدای شێوەنی کوردانە لە دەست غەیر
ئەم برکە هەموو سۆزشی کوردانە لە دەست غەیر
ئەم خوێنە کەشە خوێنی شەهیدانە لە دەست غەیر
ئەم نەعرە هەموو نەعرەی کــوردانە لە ســەر دار

✻ ✻

شیعرەکەی م ٠ نوری ـ شیخ نوری شیخ سالح ـ م٠ح ـ کە لە ژێر ناوی « هاواری وەتەن » ە هەر لە بابەتی دوو شیعرەکەی دیکەیەکە باسمان کردن ٠٠ وەسیەتەکەی ئەسیریش پێویســـت بــەوە ناکات ، ئەوەندە لە سەری بدوێین ، چونکە شیعرەکە بەهێزەو بەخشەی ئاواتێکی پیرۆزی نەتەوەیی دەست نیشــان دەکات ٠

✻ ✻

● لایەنی زمانەوانیی گۆڤارەکە

بــە گشتی لایەنی زمانــەوانی‌و رێنووسەکەی خراپ نیە بەڵکو بە گوێرەی ئەو سەردەمە چاکــە بە تایبەتی ئەگــەر دەوری خاوەنەکەی بە هۆێکی سەرەکی بژمێرین ٠٠ چونکە مستەفا شەوقی هــەر وەکوو خــۆی دەڵێ « لەلایەنی ناتەواوی شێوەی نووسینەوە لێم ببورن ! بیست‌و هەشت ساڵ لەمەوە پێش هەشـــت ســـاڵان بووم کــە لە کوردستان دوورکەوتوومەوە ٠ تا ئێستا هەر بە زمانی فارسی‌و عــەرەبی‌و تورکی لەخوێندن‌و نووسینا ڕاهاتووم ٠٠

بە زمانی حۆ ـ واتا بەپێی ئەوەندەی دەزانی م.ح ـ بەبێ هاوەدەنگ ئەمڕۆ هەرئەوەندە ئەتوانم بنووسم ·

ـــ «لەبەر ئەوە هیوام گەورەیە لێم‌ناگرن ، لێم نەبوورن» (٤١) ·

بۆچی لەمەر زمانەوانیو رێنووسەکەی باسی مستەفا شەوقی دەکەم ··؟ چونکە هەروەکو لە پێشەوە گوتمان پێشەکی‌یەکەو چوار وتاری ئەو نووسیوویەتی ئەوانی دیکە پەندی کوردیو شیعرن··

کەواتا بارستایی کوردی‌یەکە ی بەگشتی بۆ مستەفا شەوقی دەگەرێتەوە ·· بەلام لایەنی زمانەوانیی شیعرەکان ئەوە خوودی شاعیرەکان دەگرێتەوە · ئەوانیش بەش‌بەحالی خۆیان باشن ·

ـــ بە کورتی گۆڤارەکە لەم رووەوە هەمووی باشە هەروەکو دکتور کەمال مەزهەر دەلێ : « کوردی‌یەکەی رێکو پێکو رەوانە »(٤٢) ·

ـــ ئەوەی راستی بێ بە گشتی زمانی گۆڤارەکە سادەو رەوانە ، بە گوێرەی ئەو رۆژگارە باش بووە · لە گێژاوی سەرشێوانی ئەم وئەو دوور بووە ·

❋ ❋

● ئەنجامێکی گشتی

گۆڤاری پەیژە · هەروەکو ئەو رۆژنامەو گۆڤارە کوردیانەی بەر لە خۆی نیشانەی سەرهەلدانو دورست بورنی جوولانەوەو رێکخراوە رۆشنبیریو نەتەوەی‌یەکانە تەنانەت سیاسیش ، کە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمو نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دورست بوو بوون ·· بە واتایەکی تر لە ژێر کاری بزوتنەوەی روناکبیریی سەدەی نۆزدەهەم گەلالە بووە ، کە لە رێگای ئازادیخوازانی بەتەوە ژێر دەستەکانی دەولەتی عوسمانی بە کوردەکانی ئەستەموول گەیشتووە ·

کوردەکانیش پێشەکی ، رەگەزو سەرەتای ئەوجوولانەوەو روناکبیری‌یە بەبەرهەمی ئەدەبیان دەستپێ‌کردووە · وەك حاجی قادری کۆیی‌و دەیان شاعیری دیکەی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمو سەرەتای سەدەی بیستەم · لە لایەنی رۆژنامەو رۆژنامە نووسی‌شەوە لەگەل رۆژنامەی کوردستان ـ ی میقداد مەدحەت بەدرخان دەستی پێ کردووە هەروەها ئەو رۆژنامەو گۆڤارە کوردیانە کە بە دوای رۆژنامەی کوردستاندا هاتن وەك « رۆژنامەی کورد ئەستەموول ١٩٠٧ · کورد تەعاون وەتەرەقی‌غەزەتەسی ئەستەموول پاش ١٩٠٨ · رۆژی‌کورد ئەستەموول ١٩١٣ · گۆڤاری ژین ـ ی سورەیا بەدرخان ـ ١٩١٦ رۆژی‌کوردستان ـ ی میهری ـ ١٩١٧ـ١٩١٨ · «ژین» ی مەمدوح سەلیم وکەمال فەوزی · پێشکەوتنی مستەفا پاشا ٩٢٠ـ٩٢٢ · رۆژی کوردستانی شیخ نوری شیخ سالح ٩٢٢ـ٩٢٣ ، رۆژنامەی بانگی کوردستان ـ ی مستەفا پاشا ٩٢٢ـ٩٢٦ · دیاری کوردستان ـ ی سالح زەکی ساحیبقران ٩٢٥ـ٩٢٦ (پەیژە) ی مسەفا شەوقی ١٩٢٧ ··· هتد »(٤٣) ·

ـــ بە کورتی ئەو رۆژنامەو گۆڤارە کوردیانە لە هەر شوێنێ دەرچووبن · بەردە پتەوەکەی بناغەی مێژووی رۆژنامەنووسیان داناوە · واتا گۆڤاری پەیژەش ئەستێرەیێکی گەشی ئەو رەوتە پیرۆزەو رەنگدانەوەی هەستو ئاستی رۆشنبیریو هەلوێستی نەتەوەیی‌و سیاسی ئەوکۆمەلە رۆشنبیرە کوردانەیە کە بزووتنەوەی روناکبیری سەدەی نۆزدەهەم کاری تێ‌کردوون ·

ـــ تێکرا گۆڤارەکەو ناوەرۆکی نموونەو نیشانەیێکی زیندووی کیانو هەستی کورد پەروەریو خەباتی دلسۆزانەی خاوەن وتارو شیعرەکانن کە هەموویان رێگا بۆ پێشکەوتنی زمانو ئەدەبی کوردیو بلاوبوونەوەی هەستی کوردایەتی‌و وەدەست هێنانی دوا رۆژێکی کامەرانو سەرزفرازی نەتەوەیی خۆش‌کردووە ·

لە لایەکی دیکەوە ئەم باسە ئەوەی سەلماند کە مستەفا شەوقی خەلکی کوردستانی عیراق بووە وبە تایبەتی خەلکی سلێمانی ·· جا ساغ‌کردنەوەی ئەم حالەش لە بەرئەوەی گرنگی تایبەتی‌خۆی هەیە ، چونکە و. مارف خەزنەدار بەهەلە تۆماری کردووە ··· هەروەها زانیاری دەربارەی کەمە ··

● سەرنجێکی بچکۆلانە

لە وانەیە هەندێ کەس بلێ · ئەم باسە کرچو کالە ناتەواوی پێوە دیارە ··! دەلێم بە گشتی لە وانەیە وابێ ·· بەلام بەلای منەوە گرنگترین خال ئەوە بوو لاپەرەیێکی شاراوەی مێژووی رۆژنامە نووسی کوردیو دلسۆزێکی وشەی رەسەنی کوردی، رۆژنامە نووسێکی کۆلنەدەر بخەمە بەر چاو ·· تا خەلکی دیکە زیاتر لێی بکۆلنەوەو ·· لە لایەکی ترەوەش چاپ کردنی ئەم باسەو خوودی گۆڤارەکە

بە سەریەکەوە لەگەڵ ماددەکانی دیکەی ئەم میهرەجانە لە لایەن دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی سەرەتاییک دروست دەکات بۆ ئەوەی بە فراوانی و قووڵی لەم گۆڤارەو خاوەنەکەی بکۆڵرێتەوە ...

* *

پەراوێزی باسەکە

(١) « تێگەیشتنی راستی و شوێنی لە رۆژنامە نووسی کوردیدا . د . کەماڵ مەزهەر ئەحمەد ل ـ ١٩ ـ چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد بەغدا ـ ١٩٧٨

(٢) بڕوانە « الصحفي المحترف » جون هوهنبرغ » ، تێگەیشتنی راستی » د . کەمال مەزهەر ئەحمەد ، پاشکۆی رۆژنامەی عیراق ژمارە ـ ١٤ ـ نیسانی ١٩٧٨ ممتاز حیدری .

(٣) رۆژنامەی کوردستان لە ٢٢ ی ٤ ی ١٨٩٨ لە لایەن میقداد مەدحەت بەگەوە یەکەم ژمارەی لە « القاهرە » دەرچووە .. بڕوانە « کوردستان » یەکەمین رۆژنامەی کوردی ١٨٩٨ـ١٩٠٢ کۆکردنەوەو پێشەکی د . کەماڵ فوئاد .. هەروەها هەر دوو کتێبەکەی جەبار جەباری « مێژووی رۆژنامەگەری کوردی » بە زمانی کوردی و عەرەبی .

(٤) بڕوانە : برگەی یەکەمی سەرچاوەی پێشوو .

(٥) بڕوانە : د . عیزەددین مستەفا رەسوول « حول الصحافة الكردية » ل ـ ٥ .

(٦) بڕوانە : پاشکۆی رۆژنامەی عیراق ژمارە ـ ١٤ ـ ی نیسانی ١٩٧٨ .

(٧ آ) من بەلای خۆمەوە یەکەم کەسم دەمەوێ لەم گۆڤارە بکۆڵمەوەو وتارێکیشم لە گۆڤاری بۆپێشەوە ژمارە ـ ٢ ـ ی ساڵی ١٩٧٣ دا لە لاپەرە (٣١ـ٣٤) بلاوکردۆتەوە .. ئەم گۆڤارە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لقی هەولێر دەری دەکرد ، تەنیا سێ ژمارەی لێ دەرچووە . هەروەها جارێکی دیکەش لە پاڵ باسێکدا بە بۆنەوەی جەژنی رۆژنامەنووسی کوردی یەوە کە لە نیسانی ١٩٧٧ کۆڕێک ساز کرا لەوێ دا چەند قسەیەکیشم دەربارەی « پەیژە » کرد .

دیسان بە بۆنەی یادی پەنجا ساڵەی « پەیژە »وە ٩٢٧ـ٩٧٧ وتارێکی بچکۆلانەم بە زمانی عارەبی لە رۆژنامەی « العراق »دا بلاوکردەوە .

(٧ب) جەمال خەزنەدار لە « رابەری رۆژنامەگەری کوردی ، جەبار جەباری لە مێژووی رۆژنامەگەری کوردی بە زمانی کوردی و عارەبی ، د . کەماڵ مەزهەر ئەحمەد لە « تێگەیشتنی راستی » ناوی گۆڤاری « پەیژە » وخاوەنەکەیان تۆمار کردووە .

(٨) مێژوونووسی بەناوبانگ محمد امين زكي لە کتێبەکەی « خلاصة تاريخ كردو كردستان » ، مامۆستا علاءالدين سجادی لە مێژووی ئەدەبی کوردی ، ئەم دوو زاتە هەر دوو کیان ناوی پەیژەیان نەبردووە .

(٩) بڕوانە : « الصحفي المحترف » جون هوهنبرغ ، ترجمة فؤاد نويساى ل ـ ٢٨٣ ـ چاپخانەی بیروت .

(١٠) کاتێ نموونە لە گۆڤارەوە وەردەگرم دەستکاری رێنووسەکەی دەکەم ، چونکە خوێندنەوەو تێگەیشتنی ئاسانترە .

(١١) دەقی ئەم بانگەوازەش لەگەڵ ئەو وتارەم بلاوکردۆتەوە ، کە بە بۆنەوەی بیرەوەری پەنجا ساڵەی « پەیژە » لە رۆژنامەی « العراق » دا ساڵی ١٩٧٧ دا نووسیبوم .

(١٢) بڕوانە : گۆڤاری بۆ پێشەوە ، ژمارە ـ ز ـ ی ساڵی یەك ل ـ (٣١) .

(١٣) مامۆستا گیوی موکریانی ١٩٠٣ لە شاری مەهاباد لە دایك بووە ، لە ٢٤ـ٧ـ١٩٧٧ دا کۆچی دوایی کردووە .. بڕوانە کتێبی لە یادی گیوی موکریانی دا ل ـ ٧ ـ ٨ .

(١٤) شەمسەددین سلێمان سلاح شور ساڵی ١٩٠٩ لە شاری رەواندوز لە دایك بووە .. برای مامۆستا عەلی حەیدەر سلێمانە .

(١٥) بڕوانە : گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات ژمارە (١٥) ی ساڵی ٩٧١ـ٩٧٢ ل ـ ٤٥ تا ١٢ ـ بەتایبەتی ل (٥١ تا ٦٦) د . مارف خەزنەدار .

(١٦) بڕوانە : گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات ژمارە ـ ١٥ ـ ل ـ ٧٦ ـ پاشکۆی ژمارە (٣) .

(١٧) بڕوانە رۆژی کوردستان ژمارە ـ ٤٣ ـ ٤٤ کانوونی یەکەمی ٩٧٦ ـ کانوونی دووەمی ١٩٧٧ ل ـ٣٨ـ٤٦ د . مارف خەزنەدار .

(١٨) بڕوانە سەرچاوەی پێشوو پەراوێزی ـ١٦ـ .

(١٩) بۆ زیتر سەلماندنو دووپات کردنەوە لەو گومانە . دەقی‌پە راوێژی ژمارە – ١٣ – کە لەلاپەرە ٦٦ و٦٧ی گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات ژمارە – ١٥ – دەخەینە بەرچاو : – ١٣ – « ژین » رۆژنامەێکی هەفتانە بوو . کۆمەلێك رۆشنبیری کوردی وەکو هەمزە ، مەمدوح سەلیم . کەمال فەوزی لە ئەستەموول لە سالی ١٩١٩/١٣٣٧ دەریان هێناوە ، ژمارە (٣٢) ٥ می لە (جمادی الاول – ١٣٣٨هـ) کانوونی دووەمی ١٩٢٠ دەرچووە · بروانە : تاریخ الکردو کردستان چاپی دووەم لاپەرە (٣٥٢) من بەش‌بەحالی خۆم ژمارەکانی ئەم رۆژنامەیەم نە دیوەو ناشزانم لە کوێ‌هەن !

لە دەستنووسەکەی نەجمەدین مەلادا دەلێ : ئەم شیعرەو پێشەکی‌یەکەی لە « ژین » ی ئەستەموول بلاوکراوەتەوە بەبێ ئەوەی ژمارەکە دەستنیشان بکا » · د · مارف ··· ئەی باشە تۆ چۆن یەکسەر مۆرتکرد ؟ ·

(٢٠) بروانە رۆژی کوردستان هەمان ژمارە ل –٤٦– د · مارف ·

(٢١) بروانە « بانگی کوردستان کۆکردنەوەو لەسەر نووسینی جەمال خەزنەدار ل – ١١٩ تا ١٣٠– هەروەها گۆڤاری پەیژە ژمارە یەك ل – ٢ تا ٩ . ١١، ١٢ · ١٩ . ٢١ . ٢٤–٣٧ ، ٤٢–٤٤ ·

(٢٢) بروانە « پەیژە » ل – ٢٨ ·

(٢٣) لە قسەکانی د · عیزەدین مستەفا رەسوول زانیاری دیکەی دەربارەی خێزانی محی‌الدین دگل‌هەیە ·· بەلام ئێمە جارێ ئەوەندەمان مەبەستە·

(٢٤) بروانە « پەیژە » ل – ٢ – مستەفا شەوقی ·

(٢٥) هەمان سەرچاوە ل – ٤ . ٥ . ٦ ·

(٢٦) بروانە رۆژنامەی بانگی کوردستان · کۆکردنەوەو لەسەر نووسینی جەمال خەزنەدا – ل– ١١٩ . ١٢٣ . ١٢٧ ·

(٢٧) بروانە سەرچاوەی پێشوو ل – ٢١ – ·

(٢٨) شایانی باسە لە مێژووی رۆژنامە نووسی کوردی . تەنیا گۆڤارێکی زانستی دەرچووە . ئەویش « زانیاری » بوو ژمارەیەکی لە ئۆکتۆبەری سالی ١٩٧٠ دەرچووە · دوا ژمارەشی کە ژمارە شەشی بوو لە ئۆکتۆبەری سالی ١٩٧٣ دا دەرچووە · خاوەنی ئیمتیاز : دکتور عزیز ئەمینو تەلعەت نادر سەرۆکی لێپرسراوی نووسین – نوری ئەمین ، سکرتێری نووسین سامال مەجید فەرەج ·

(٢٩) بروانە : سەرچاوەی پەراێزوی ژمارە –٢٧– ل – ١٩٩ ·

(٣٠) هەمان سەرچاوە ل – ١٢٠ ، ١٢٣ ·

(٣١) بروانە : رابەری رۆژنامەگەری‌ی کوردی جەمال خەزنەدار ل –٣١– کە دەلێ « دیاری کوردستان رۆژنامەێکی هەفتەیی بووە ، لە شاری بەغدا بە زمانی کوردی‌و عەرەبی‌و تورکی دەردەچوو ، خاوەنی ئیمتیازو بەرپرسیاری سالح زەکی ساحیبقران بووەو بەرێوەبەری رەشید شەوقی بوو · ژمارە یەکی (١)لە ٥ی مارتی ٩٢٥ دەرچووە ، وە ژمارە (١٦) ی کە دوا ژمارەی بووە لە رۆژی ٥ ی مایسی سالی ١٩٢٦دا دەرچووە · – بەرای مامۆستا کەریم شارەزا ، رەشید شەوقی ، هەر مستەفا شەوقی یە ، چونکە مامۆستا شارەزا دەلێ · « رەشید لەقەبی مستەفایە ، واتا ناوەکە هوورەکەیە – مستەفا رەشید شەوقی ·

(٣٢) بروانە گۆڤاری پەیژە ل –٢– کە بەپێی بریاری [٥٨٧] مادەچواری یاسای چاپکردن رێکەوتی ٢٩–١١–١٩٢٦ بریاری چاپ کردنی دەرچووە ·

(٣٣) یارو ئەغیار : دۆستو بێگانە ، دۆستو دوژمن ·

(٣٤) بروانە پەیژە ل –٢– ·

(٣٥) هیچ دەربارەی ئەم مەلا حەسەنە نازانم ·

(٣٦) بروانە « تێگەیشتنی راستی » د · کەمال مەزهەر ل –٢٣٤– کەچی ئەم ژمارەو تارو شیعرە لە پێرستەکەی دیارە چوارێ هی مستەفا شەوقی‌یە ، چوارەکەی دیش هی نووسەرو شاعیرانی ترن · بۆیە دەبوایە د · کەمال نەلێ : « کەلەوەدەچێ هەمووی مستەفا شەوقی نووسیبێتی » ·

(٣٧) بروانە « پەیژە » ل –٦ ، ٧– ·

(٣٨) بروانە هەمان سەرچاوە ل : – ٧ ، ٨ ، ٩

(٣٩) ویلسون « ١٨٥٦–١٩٢٤ » بیستو هەشتەمین سەرکۆماری ئەمەریکا بووە ·· سالی ٩١٨ بروانامەێکی لە چواردە خال دەربارەی برانەوەی یەکەم جەنگی جیهانی بلاوکردەوە · « الموسوعة السیاسیة ، اشراف عبدالوهاب الکیالی وکامل زهیری– چاپی بێرووت ١٩٧٤ » ·

(٤٠) بروانە پەیژە : ل – ٣٦ ، ٢٧ ، ٢٨ – ·

(٤١) سەرچاوەی پێشوو : ل – ٢٨ ، ٢٩ ، ٣٠ ، ٣١ ، ٣٢ – ·

(٤٢) سەرچاوەی پێشوو ل –١٦– ·

(٤٣) سەرچاوەی پێشوو ل –٢– ·

(٤٤) بروانە د · کەمال مەزهەر « تێگەیشتنی راستی » ل – ٢٣٤ – ·

(٤٥) بروانە رابەری رۆژنامەگەری کوردی جەمال خەزنەدار ، هەروەها تێگەیشتنی راستی · د · کەمال مەزهەر ، مێژووی رۆژنامەگەری کوردی جەبار جەباری ·